# زیوەرو شیعری سیاسی

عبدالرزاق بیمار

## (١) پێشەکی

مەلا عەبدوڵلای زێوەر (١٨٧٥ ـ ١٩٤٨) شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە لە عیراق ، لە مێژووی نوێی ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی دیاری هەیەو یەکێکە لەو شاعیرانەی شیعری سیاسییان نووسیوە بە جۆرێك ئەگەر باسی ئەم بابەتە ئەدەبی یە بکرێت لە توانادا نی یە ناوی ئەو هەڵبوێردرێ . شیعری سیاسی ی زێوەر بەر لە یەکەم شەڕی جیهانی یەوە دەست پێ دەکات و لە دوای شەڕەکەوە تین و تاوێکی زۆری پەیداکردووەو تاشەڕی دووەم دەنگێك بووە لە دەنگەکانی شیعری سەردەم بە تایبەتی لە چوارچێوەی سروودو گۆرانی و هۆنراوە قوتابخانەیی یەکان دا بەرز دەنگی داوەتەوە .

جگە لە سیاسەتی ناوەخۆ لە سیاسەتی دەرەوەش دواوەو سیاسەتی هەندێ دەوڵەتی هەڵسەنگاندووە ، بە تایبەتی لە کاتی شەڕی دووەمدا لایەنگیریی دەوڵەتە سوێندخوارەکانی کردووەو دوژمنایەتی ی بۆ بەرەی هیتلەری لە کۆمەڵە شیعرێکی ناوەرۆك و شێوە تازەدا دەرخستووە . لەبەر ئەوەی داخەکەم سەرجەمی دیوانی شیعری زیوەرمان لە بەردەستدا نی یە ناتوانین سەرنجێکی گشتی و یەك لایی لە هەموو سەردەم و جۆرو قۆناغی شیعرە سیاسیەکانی بدەین و ئەنجامێکی پوخت بە دەست بهێنین ، بۆیە لە چوارگۆشەی کۆمەڵە شیعری (سۆزی نیشتمان)دا ئەم بابەتە باس دەکەین و داخیشم ناچێ کە بە هۆی دەستنەکەوتنی رۆژنامەی

(پێشکەوتن)ی سلیمانی یەوە نەمتوانی کەلێنێکی گەورەی بابەتەکەم پڕ بکەمەوەو پێشەکی داوای لێبوردن دەکەم .

## (٢) دیوانی زیوەر

تائێستا دیوانێکی تەواوی شیعرەکانی زیوەر چاپ نەکراوە ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا کتێبخانەی زیوەر هەندێك شیعری بە ناوی سۆزی نیشتمان ـ بەشی یەکەم لە دیوانی زیوەر چاپکردو وەکو لە لاپەڕە سێدا دیارە نوسخەی تەواوی دیوانی زیوەر لای نەوەکانی بە تەواوی چنگ نەکەوتووەو ئەوەی ئەم بەشی یەکەمەی ئامادەکردووە بە نووسینەوەو هەڵبژاردن و پۆل پۆل کردن و پەراوێزو پێشەکی نووسین و ساغ کردنەوەوە ئەوە مامۆستا نجم الدین مەلایە ، لەوانەیە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم بەشەش چاپ نەدەکراو ئەوەندەی تر رۆشنبیران و بە تواناکانیان دەکەوتنە بەر لۆمەی گیانی شاعیرێکی گەورەی بێ هیوای دوور لە قەدرو نرخ زانی .

لە گەڵ ئەوەشدا کە ئێمە قەرزداری نجم الدین مەلاین کە وەکو خۆی دەڵێ (وانەم جارە هەر چۆنێ بوو پێم بە جەرگی خۆمدانا ئەم دیوانەم بە رێکوپێکی نووسی یەوە) چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی کارەکەی مامۆستا دەردەبڕین :

١ ـ وەکو بۆی دەچم کۆکەرەوەی دیوان بە چاوی پەسەندی و خۆش ویستنەوە سەیری شیعری زیوەری نەکردووە ، لەوەش ناچێ پێوەندی یەکی توندو تۆڵی بە شاعیرەوە هەبووبێت ، لەوەش ناچێ چ زانین و یادگارو باس و بابەتێکی تایبەتی لابووبێت کە پێوەندییان بە ژیاننامەی شاعیرو بۆنەو رۆژگاری شیعرەکانی یەوە هەبێت . بۆیە تەنانەت وێنەی شاعیرو ئەو چەند دێرەی ژیانیشی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی مامۆستا علاء الدین وەرگرتووەو زانینێکی تازەی لەم ڕووەوە پیشان نەداوە .

٢ ـ شیعرەکان هەموو ئەوانەن کە پێشتر لە گۆڤارو رۆژنامەو نامیلکاندا بلاوکراونەوەو لە نووسینەوەشیاندا هەندێ جار





تووشی هەڵەبووەو دەستکاریشی کردوون .

وەکو ئەوەی کە لە لاپەرە (١١)دا ایوب کە مەبەست لە صلاح الدینی ئەیوبی یە کراوە بە (محمـود) ، لە لاپەرە ١٤دا نـووسراوە کـە شیعـری « ئـەی وەتـەن چـەنـد خۆشەویستی » سـاڵی ١٩٢٥ ووتراوە ، راستی یـەکەشی ئەوەیە کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢ لە رۆژنامەی بانگی کوردستـاندا بـڵاوکراوەتـەوە . لە لاپەرە ١٢٥دا وەڵامی مەتەڵێك کە وەختی خۆی فایقی کـوڕی زیوەر لە گۆڤاری دیاری کوردستـان دا بڵاوی کـردبووەوە بـە هی زیوەری داناوە . لە لاپەرە ٤٩دا خۆی رووونی کردوەتەوە کـە (شەوقی گـەلاوێژ)ی کـردووە بە تیشکی گـەلاوێژ ، چونکە وەکو خۆی دەڵێ گۆڕینەکە (شیعرەکە لەنگ ناکا) .

٣ ـ زۆربەی ئەو شیعرانەی کە بۆ منـداڵان لە عەرەبی یـەوە تەرجەمە کراون بایەخێکی ئـەوتۆیـان نی یە کـە رێگە لە بـڵاوکردنـەوەی گەلێـك شیعری جـوانی تری زیـوەر بە تـایبەتی غـەزەلەکـانی بگـرن ، بـەڕای من نـەدەبـوو هەڵبژاردەی دیوانی شاعیرێکی گەورە بەم جۆرە شیعرو سروودانە پڕ بکرێتەوە کە لایەکەوە لە کتێبو نـامیلکەی تردا بڵاو بوونەتەوەو لە لایەکی تریشەوە هەندێکیان بێ نرخنو کەڵکی نـاو دیوانیـان نی یە . ئـەمەو بێ هـەموو پێـویستی یـەك شیعـرێکی ئـەخـۆڵو فـایقی کـوڕیشی سەرپارکردووە .

٤ ـ مامۆستا نجم الدین مەلا وەکو دیتمان خۆی گوتی شەوقی گەلاوێژی کردووە بە تیشکی گەلاوێژ ، بە ئاشکرا دیارە وەرزو بێزاری دیمەنی ووشە عەرەبی یەکانی ناو شیعری زیوەرە ، بۆیە هەمووی خستوونـەتە نـاو کەوانـەوەو لە جیاتی شاردنەوەیانو هێنـانە سـەر رێنووسی کـوردییان ئەتكو رسوای کردوونو زەقو زۆپ قیتی کردوونەوە ، ئەم زەقی یـەش کـەمو زۆر کـار لە زەوقی خـوێنـدنـەوەی شیعرەکان دەکات . لە لاپەرە ٦٧دا رەخنەی لە شاعیر گرتووە کـە قافیـەی خۆشو عـەرشی بە یـەکەوە جـووت کردووەو بەلای ئەوەوە ئەم دوو ووشەیە لە تای تەرازوودا ناوەستنو دەڵێ (دەبوایە بی ووتایە) :

ئەیان خوێندەوە بە جۆشو خرۆش

لەجیاتی :

کە ئاوازیان ئەگەیاندە عەرش

٥ ـ نموونەیەکی دیکەی کاری ناپێویست ئەو پەراوێزەیـە کە مامۆستا نجم الدین مەلا لە سەر ئەو شیعرەی کە ناوی ناوە (ستایشی ئاسایشی ساڵی ١٩٢٠م) ـ ل ٣٠ نووسیویەتی ، کە گوایا زیوەر وەکـو پاکـانە کـردنو خۆ بـردنەپێش لە دەسەڵاتی ئینگلیزو پشتکردنە کوردایەتی ئەم شیعرەی نووسیوە ، بە ڕاستی ئەمە جۆرە کووکەو لێ لە هەڵلادانی ناپێویستە ، لە کاتێکدا بەرامبەر هەڵوێستو ناوەرۆکی زۆر



شیعری نیشتمانی‌ی زیوەر بێ‌دەنگ‌بووە .

هەر بەو بۆنەیەش دەڵێم شیعری (ماڵ جوێ کردنەوە)ش کە هەرگیز بیرو ڕای سیاسی‌ی زیوەر نانوێنێ من بە شیعری ئەوی نازانم‌و جێ‌کردنەوەی لە دیوانی هەڵبژاردەدا ناپێویستە . شیعرێك کە هەڵوێستی زیوەر پیشان دەدات بەرامبەر بە کاربەدەستانی سەردەمی دەسەڵاتداری‌ی ئینگلیز لە سلێمانی مامۆستا نجم الدین سەرناوێکی نادروستی وەهای بۆ داناوە کە سەرنجی خوێندەوار لە گرنگی‌ی هەڵوێستەکە شاش ببێت ، ئەوەتا بە پێچەوانەوە نووسیویەتی :

(سەرگوزەشتەی کاربەدەستانی دەوری عوسمانی) کە دەبوو بڵێ سەرگوزەشتەی کاربەدەستانی دەوری ئینگلیز ، هەر ئەم شیعرەش بەبێ سەرناوەکەی مامۆستا نجم‌الدین لە ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٢٢ی ڕۆژنامەی بانگی کوردستاندا بڵاوبوەتەوە . سەرەڕای ئەم تێبینی‌و ڕەخنانە ڕەنجی مامۆستا نجم‌الدین جێگەی شانازی‌یەو یەکە هۆی بڵاو بوونەوەی چمکێکە لە دیوانی زیوەر .. نابێ ئەوەش لە بیربکەین کە گەلێك سەرنج‌و پەراوێزی بە کەڵکی بۆ شیعرەکان نووسیوەو بە پێ‌ی توانا ناوی گوندو چیاو شوێن‌و هەندی جار ووشەی گرانی ڕوون کردوەتەوە . زیرەکانەش هەڵەیەکی مامۆستا رفیق حیلمی دەست نیشان کردووە کە تاکە شیعرێکی (ضیا پاشا)ی بە شیعری خەیام زانیوە لە تێهەڵکێشی شیعرێکی زیوەردا . هەر چۆنێ بێ ئێمە دەستەو ئەزەر چاوەڕوانی دیوانی تەواوی زیوەرین ، بەڵام هەر ئەم بەشەش بووەتە سەر چاوەی ئەو چەند لاپەرەیەی کە لەمەولا پێشکێشتانی دەکەم .

## (٣)شیعری سیاسی لە ئەدەبی کوردیدا

لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە ، بە تایبەتی لە دەروبەرو دوادوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا شیعری قوتابخانەی تەقلیدی لقێکی‌تازەی‌لێ‌سەوزبوو ، سەوز بوونی لقێکی تازە لە دارێکی وەها دیارە مژدانەی نوێ بوونەوەو گەڕانی خوێنی ژیان‌و زیندوویەتی‌یە لە هەناوی دارەکەدا ، ئەم لقەش ناوی نرا (شیعری سیاسی) .

بێ‌گومان هەموو شتێکی تازە شتەکانی دەروپشتی خۆی دەخاتە باری سەرنج لێ‌گرتن‌و هێنان‌و بردن‌و بەرهەڵستی‌و بە پیرەوە چوون ، ئیتر ئەم بزاوت‌و چەندو چوونە جمو جوڵێك پەیدا دەکات ، بەڵام بەو قالب‌و بەو ناوە کە زەوقی ئەوسا هۆگری لقە تازەکە بوون کە (شیعری سیاسی)بوو وەنەبێ هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی دنیای ئەدەب بووبێت‌و بە یەك جار لە ناوەڕۆك‌و ڕوخساردا هەموو ئەدەبی کوردی بێ نوێ



کرابێتەوە ، خۆ وەنەبێ دراما ، یان کورتە چیرۆك یان رۆمان بێ ، یان هەر لە بازنەی شیعردا جۆرە ڕێبازێکی هونەری و ئاینێکی فەلسەفەیی و قوتابخانەیەکی ویژەیی داهێنابێت و شیعری لە کۆت و پێوەندی کۆن رزگار کردبێت نەخێر ئەمانە نەبووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری سیاسی هەر بە دەرچوونێك دادەندرێت لە جغزی مەیین و خۆ خواردنەوەی غەزەلی کۆن و شیعری قوتابخانەی تەقلیدی . ئەگەر چ نەبێ لە جیاتی زولفی یارو نەعتی نەبی و سۆزی دەروێشان بابەتی تازە هاتە کایەوە کە شاعیر لە شیعرێکدا یەك بابەت بە دەستەوە دەگرێت و بە هەواڵ و ماناو مەبەستی تازە سەرنجی گوێگران رادەکێشێ و لە دەرگای هەست و دەماریشیان دەدا .. هەروەها گەلێ ووشەو زاراوەی سیاسی و داڕشتەی سیاسەتی رۆژانەو دەربڕینی زمانەوانی ی نێو خەڵك و داخوازییەکان کەوتە ناو شیعرەوە ، باسی ئەوروپاو زانیاری و پیشەسازی و جەنگەکانی جیهان و دادو سەربەخۆیی و ئازادی و سەربەرزی و نیشتمان و گەل و نەتەوە لە تانوپۆی وتەی شیعردا تێ هەڵکێش کران .

هەر لە شیعری سیاسیدا سۆزی کوردایەتی ئاوات و هیوای دوارۆژی گەل کەوتە ڕوو ، دەمەتەقێ و بەربەرەکانێ ی بیروباوەڕو ڕێبازی سیاسی گەرم بوو ، خوێندەوارانی ئەم جۆرە شیعرە زۆر بوون وای لێ هات بە تەعبیری ئەوسا بێ بە ئاوێنەی گەل ، دیارە کە ئەم شیعرە سیاسییە ئاوێنەی گەل بێ و لە گەلەوە نزیك بێت ، دەبێ روون و بێ گرێ و ئاشکرابێت و بە گورجی ئامانج بپێکێت و چەکی دەستی خەبات کاران بێت .

لە ڕاستیدا ناونانی برە شیعرێك بە ناوی شیعری سیاسی رەخنەگران پەسندی ناکەن ، بە تایبەتی تێڕوانینی ئەمڕۆ لەگەڵ تێڕوانینی نیو سەد یان چەرخێکی پێش ئێستا لە شیعرو مانای شیعرو ئەرك و فەرمانەکانی شیعر جیاوازە ، ئەوسا کە دەیان گوت شیعر زمانی حاڵی گەلە ، مانای وابوو ئەوەی ئەمڕۆ پە خشان و ووتار دەیکەن دەبوو شیعر ئەمانە هەمووی بکات ، هەر شاعیر خۆی رادیۆو رۆژنامەو گۆڤاربوو .. هەر ئاهەنگێکی سیاسی دەگێڕدرا - تەنانەت کە قوتابخانەیەك یان یانەیەك یان جادەیەك ، یان رۆژنامەیەك دادەمەزرا یان گەورەیەك دەمرد و لە کۆڕێکدا بەخێرهاتنی ناودارێك دەکرا ... ئەوا لە تەك ووتاربێژان ، شاعیر شیعرێکی دەخوێندەوە ، مەبەست و داخوازی و راسپێری ی ووتارەکان لە شیعرەکەدا دووبارە دەکرایەوە ، کە ئەمە بووبێ مەیدانی شیعری سیاسی دیارە مەیدانێکی تەنگەبەر دەبێت و شیعرەکە ئەرکە بنەڕەتەکانی خۆی لە بیردەکات و لە رەگەزە پێك هێنەرەکانی خۆی پشت وەردەگێڕێ ، ئەوسا بریتی دەبێ لە خوتبەو پەندو ئامۆژگاری ، یان راپۆرت و هەواڵ گێڕانەوە ، یان دروشم و قسە ریزکردن لەسەر حیسابی پشت گوێ خستنی سۆزو هەست و خەیال و داڕشتن و تەعبیری شیعری .

واتا (تازە کردنەوەکە سەبارەت بەو بناغەیە نی یە کە لەسەری دامەزراوە بەڵکو سەبارەت بە گۆڕین و گۆڕانکاریی رۆژگارو بیرو باوەڕو ناوو نرخە تازەکانی رۆژگارە کە تێکەڵ بە شیعرەکەبوون) هەروەکو دکتور علی عباس علوان بۆی چووە (تطور الشعر العراقی - ل١١١) .

ئەو جغزەی لە دەوری شیعری سیاسییان دەکێشا ، گیانی هونەرەکەی رێك دەگوشی و ئازاری دەدا . شیعر هەمووی شیعرەو ئەگەر راستگۆبێت هەموو ناو دەروون و دەرەوەی دەروونی شاعیر دەردەبڕێ ، بە هەستێکی راستگۆیانەو بە سۆزێکی گەرم و گوڕ ، بە تانوپۆو کەرەستەیەکی هونەری پێشکەوتووەوەو لە دیمەنێکی شیاوو خۆکردا ، ئیتر بۆچی

دەبێ بابەتی سیاسەت بە رووتی وەکو تابلۆی دیوار بخاتە ڕوو، لە کاتی خۆدان لە سیاسەتدا هەستی ناوەوەی خۆی و خەیالی رەنگین و کەرەستە هونەرییەکانی شاعیرییەت لە بیربکات ؟

کە ئەمە دەڵێین مەبەستمان بە هیچ جۆرێک لەو باوەڕە نزیک نابێتەوە کە گوایا سیاسەت بابەتێک نییە لە بابەتەکانی شیعر ، شیعریش گوایا هەر بۆ بابەتی ناسک و جوانی و هێمنی و ... تاد دەگونجێ و گیانێکە لە قالبی تەنگی سیاسەتدا ناترەنجێ .

هەر چونێک بێت شیعرێ هەیە ناوی نراوە شیعری سیاسی ، ئەم ناونانەش لە ئەدەبی عەرەبیدا زۆر بەکار هاتووە و بە دەیان کتێبی لەسەر دانراوە . بۆ پێناسینی شیعری سیاسیش احمد الشایب لە (کتێبی تاریخ الشعر السیاسي الی منتصف القرن الثاني الهجري)دا دەڵێ : .

« ئەو هونەرە ئاخاوتنەیە کە پەیوەندی بە رژێمی ناوەخۆی دەوڵەت یان پەیوەندی بە دەسەڵاتی دەرەوە و پایەی لە نێو دەوڵەتاندا هەیە »

(وائلی) لە کتێبی (الشعر السیاسي في العراق)دا دەڵێ : .

ئەو شیعرەی لە سیاسەت بکەوێ و تەعبیر لەو بکات پێی دەڵێن شیعری سیاسی . سیاسەتیش وەکو پێناسەکراوە بریتییە لە حوکمڕانی گەلان ، یان هونەری ئەو حوکمڕانییە ، زانستی سیاسەتیش ئەوەیە کە لە حوکمڕانی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە لە بابەت شێوەی ئەم حوکمڕانییەو رژێمەکانی و تا چەندێ گونجاشی لە گەڵ حاڵی گەلاندا .

جا ئەو شیعرەی کە لەم پێناسەی سیاسەتە نزیک بێت ، لایەنگری رژێمێک یان بەرهەڵستی حوکمڕانێک یان هاوارکەری داخوازی نەتەوە ، یان ڕێنیشاندەری خەبات بۆ ڕێگەیەکی تایبەتی سیاسەت بکات بە شیعری سیاسی دانراوە .

هەروەکو سەرباری ئەمەش ئەوەی هەواخوایی یان ناحەزیی کۆمەڵێک یان ناودارێک لە کارێک لە کارەکانیدا بخاتە ڕوو ، با شاعیر لەو کۆمەڵەو یان ڕێبازە سیاسییەش نەبێت یان ئەندامی دەستەیەکی دژبەوان نەبێت ، ئەوا شیعرەکەی هەر بە شیعری سیاسی دادەنرێت .



دەورووبەری چەرخی بیستەم و جموجووڵی سیاسیی گەرم داهاتووی تێکڕایی ئاگری ئەم شیعرەی خۆش کرد ، رەگەکانی ئەم جموجووڵەش هەروەکو لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆییدا وێنەی داوەتەوە ، دەگەڕێنەوە سەر هەڵس و کەوتی رۆژهەڵات لەگەڵ رۆژاوادا و بڵاوبوونەوەی بیروڕاکانی شۆرشی فەرەنسا و فەیلەسووفەکانی چەرخی رووناکی و ڕاپەڕینی نەتەوەکانی رۆژ هەڵاتی ئەورووپا و پەرەسەندنی ڕێکخراوەی نەقابەیی و کۆمەڵەی کرێکاران و بیرو باوەڕی ئیشتیراکیانە . بەڵام رووداوەکانی ساڵی ١٩٠٨ لە ئیمپراتورییەتی عوسمانی بوون بەسەرەتایەکی تەقینەوەی هوشیاری و ڕاپەڕینی نوێ کە بوون بە سەرچاوەی نزیکی شیعری سیاسی .. ئەوەبوو ساڵی ١٩٠٨ ئینقلاب لە دەوڵەتی عوسمانی ڕوویداو (دەستوور) بۆ کۆمەڵ بڵاوکرایەوە . ئەم بزووتنەوەیە سەرەتای توانەوەی سەهۆڵبەندانی حوکمی تاریکی سوڵتانی عوسمانی بوو ، لە سایەیدا رۆژنامەو چاپەمەنی زۆربوو ، رۆشنبیرو پێشرەوانی خەڵک کەوتنە




جوولانەوەو داواکاری (ئیصلاح)و هاندانی پێشکەوتن‌و سەیرکردنی وولاتانی ئەوروپاو چارەسەرکردنی باری کۆمەڵایەتی‌و چەسپاندنی ئاواتە نەتەوەیی یەکان . کۆڕو کۆمەڵەو رۆژنامە داوای نوێ بوونەوەو هەنگاوی پێشکەوتنیان دەکرد ، کوردیش ئەو وەختە رۆژنامەو کۆڕو کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌ی خۆی هەبوو .. هەڵدانەوەو خوێندنەوەی لاپەڕەکانی گۆڤاری (رۆژ کورد ـ کە لە ١٩١٣) لە ئەستەمبوڵ دەرچووە پشتگیری ئەم رایە دەکات .

بە نموونە ئەم هەڵبستەی (زێوەر) دەخوێنینەوە کە بە پێ‌ی دیوانی (سۆزی نیشتمان) دەبێ لە ساڵی ١٩١٢ لە گۆڤاری (هەتاوی کورد) لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوبێتەوە ـ ل١١ ـ بەڵام ئەم گۆڤارە وەکو لە پێشەکی‌یەکەی مامۆستا جمال خەزنەدار لە (رۆژکرد)دا دەردەکەوێ دوای ساڵی ١٩١٣ دەرچووەو ئەم ژمارەیەشمان نەدیتووە . هەرچۆنێك بێت مامۆستا زێوەر لەم شیعرەدا دەنگو ئاوازێکی بڵند بە بەر گوێ‌ی کوردا هەڵ دەدا تا لە خەو راپەڕێت ، دەبێژێت خەو پیشەی کەرویشکی بێ دەستەڵاتە ، کارکردن کرۆکی ژینی تازەیە : کاری جوتیار ، کاری پیشەسازو سەنعەت‌کارو کاسب . لە گەڵ ئاوازی راپەڕیندا دیمەنی ئەوروپامان بۆ وێنە دەکێشێ کە لە مێژە گەیشتوونەتە هەوارگەی بە ختیاری :

خوابی خەرگۆشی هەتاکەی ؟ وەعدەیی بیداری‌یە
دوژمنی خۆت‌و مناڵت ئەژدیهای بێکاری‌یە
پیاوی تەممەڵ دوژمنی خۆی‌و عەدوویی هەرکەسە
قەولی (الکاسب حبیب الله) لە عالەم دیاری‌یە

مەغریبی باری گەیاندە مەنزڵی ئەمن‌و ئەمان
تۆش لە ناو قوڕدا چەقیوی عەیش‌و نۆشت زاری‌یە

گەشتێك بە رۆژنامە کوردی‌یەکانی دەورو بەری چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گەلێ نموونەی ئەو شیعرە رووتە سیاسییانەمان پێشان دەدات . رۆژنامەی (پێشکەوتن) ، (رۆژی کورد ـ لە سلێمانی) (بانگی کورد ، ژیانەوە ، گۆڤاری دیاری‌ی کوردستان ، زاری کرمانجی کەشکۆڵێکی باشی ئەم جۆرە شیعرانەن .

### (٤) زێوەر کێیەو کەسێتی‌ی زێوەر لە مەیدانی سیاسەتدا :

زێوەر شاعیرێکی دوو دەورو دوو سەردەمە ، بەڵکو ئەڵقەی بە یەکەوە بەستنی هەردوو دەورو سەردەمەکەیەو تا دواییش لە چالاکی بەردەوام‌بووەو تاسەر لە کۆڕی شیعرو ئەدەبدا دەنگێکی دیارو بەرێزی هەبووە .

لە دەوری یەکەمدا ، کە لە ساڵی ١٨٧٥ لە سلیمانی هاتۆتە دنیاوە ، لە مەریوان‌و بانەو مەهابادو رواندوزو هەولێرو کەرکوك خوێندوویەتی‌و زانستەکانی مەلایەتی‌و مزگەوتی تەواوکردووە تا بووە بە مەلا .

لەم دەورەدا لەسەر بەرنامەی کۆنی خوێندن‌و زمان‌و ئەدەبی فارسی‌و بەلاغەتی عەرەبی‌و شیعری کلاسیکی کورد پەروەردە بوو، بیرو رۆشنبیری‌یەکەی لەچوارچێوەی وولاتێکی دوورە دەست‌و دواکەوتوودا دەخولایەوە ، وولاتی دوور لە شارستانەتی نوێ ، گەلی نەخۆش‌و هەژارونەخوێنەوارو چەوساوەی پێوەندی‌ی دەرەبەگی‌و عەشایەری‌و کردەوەی کاربەدەستاتی رژێمی عوسمانی ، نە چاپخانەو نە کتێب‌و نە رۆژنامەو نە کارەباو بەرهەمەکانی تەکنولوجیای رۆژاوا . بیری سیاسی‌ی باوی ئەو سەردەمەش لە چوارچێوەی خەلیفایەتی ئیسلام‌و پیرۆزی‌ی دەوڵەتی موسلمانی عوسمانی دەخولایەوە ، بەرێوەبەردن‌و دەسەلاتداری بێ‌کارو دواکەوتوو و دوژمن بە ماف‌و ئازادی‌ی خەڵك‌و گیانی دیموکراتی .

مەلا عەبدوڵلای زیوەر لە بەر ئەوەی شاعیر بووەو شاعیرێکی خاوەن بەهرەبوو ، سنووری ئەو چوارچێوەی ژیانەی شکاندووەو دەنگوباسی ئەستەمبولی پایتەختی بیستووە ، بۆیە لە ۱۹۰۱دا ملی ڕێ دەگرێو دەچێتە ئەستەمبولو چوار ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە زمانی تورکی فێردەبێو خوێندن تەواودەکاتو چاوی بە دنیایەکی تازە ڕۆشن دەبێ ، لەوێدا گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی تازەو زادەی چاپخانە زۆرەکانی چاوپێ‌دەکەوێ ، بێ‌گومان شیعری نیشتمانپەروانەو مەعاریف پەروەرانەی شاعیرانی نوێ خوازی تورکی بەرگوێ دەکەوێ ، هەروەکو دووریش نییە شیعری حاجی قادریشی خوێندبێتەوە . کارەباو هێزی هەڵمو ئوتومبیلو تراموایو پاپۆری دیوەو جموجووڵی تێکۆشانی سیاسیو کۆمەلایەتی خەڵکی پایتەخت سەرنجی ڕاکێشاوە ، هەروەها خەباتی گەلان لە پێناوی مافو سەربەستیاندا ، ئەم دەورە دەورێکی تازەبوو زیوەری شاعیر لە گەڵیدا سازاو هەنگاوی تازە لە گەڵدا بەرەوپێشەوەنا .

ئیتر کە هاتەوە سلێمانی ، لە ساڵی ۱۹۰۷دا لە جیاتی ئەوە ببێ بە پێش‌نوێژی مزگەوتێك یان مەلای گوندێك بوو بە مامۆستای قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری لە سلێمانی ، لە جیاتی کتێبی فتح القریبو ابن‌حجر لەگەڵ کتێبی مێژووی ئەوروپاو جوغرافیاو زانستی‌دا ڕەفتاری دەکرد .

خۆ ئینقلابەکەی ساڵی ۱۹۰۸ی عوسمانی بە تەواوی پەردەی دەوری کۆنی دادڕیو خەڵکی ئیمپراتورییەتی هوشیارکردەوەو بزووتنەوەی نەتەوەیی گڕی ستاندو کۆڕو کۆمەڵەی سیاسی بڵاوبووەوە . ئینجا کە بووبە شەڕی یەکەمی جیهانو ئینگلیز هاتنە وولات بە تەواوی دەوری یەکەم کشایەوە دواوەو دەوری دووەم دەستی جێگیربوو ، زێوەری شاعیریش بناغەی شیعرو ئەدەبو ڕۆشنبیری کۆنی خۆی لە دەست نەداو بەرامبەر بە دەوری تازەشدا دوورە پەرێز نەوەستا بەڵکو وەکو گوتمان بوو بە ئاڵقەی بەیەك بەستنی هەر دوو دەورەکەو تا دوا دوای ژیانی بەم جۆرە بەردەوامبوو . ئەم نێوان کارییە لە شێوەی ڕوخساری شیعریشدا ڕەنگی دایەوە ، هەیکەلی شیعرو کێشی عەرەزو ووشەو ڕستەی کۆنو زاراوەی عەرەبیو فارسی لەسەر بناغەی کۆن هەرمایەوە ئەگەرچی لە لایەکی دیکەوەلەسەر شێوەی ئەدەبی عوسمانی لەسەر پەیڕەوی شیعری شێخ نوری نموونەی تازە کردنەوەشی لە هەڵبەستدا نواندووە ، بۆیە لەم ڕووەوە جیاوازی لەگەڵ شاعیرێکی وەکو (بێخود) دیارە کە بێخود هەوڵی ئەوەی نەداوە لە ڕێچکەو شێوازی شیعری کلاسیکی لابدات . بەڵکو هەر لە سەرەتادا ، زیوەر لە ساڵانی بیستو سی‌یەکاندا یەکێك‌بووە لە شاعیرە پێشرەوەکانی شیعری کوردی وەکو شێخ نوریو عەلی کەمال باپیرو ڕەفیق حیلمیو ئەحمەد موختارو ئەحمەد حەمدی صاحبقران .

ئەم پێشڕەوانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا کاریان کردووەو دەنگوسەدایان لەیەك نزیك‌بووەو لە ناوەڕۆكو شێوەدا هونەرەکەیان ڕەنگو ڕووی هاوچەشن‌بووە . زیوەر یەکێکە لە گەشترین ئەو ناوانە ، بەڵکو دەورێکی دیاری لەناو کۆڕی ئەدەبی ئەو وەختەدا بینیوە ، وەکو مامۆستا رفیق حیلمی دەڵێ : (یەکێکە لە مامۆستایانی شیعرو ئەدەب ، شیعری گەلێك لە تازە شاعیرەکانی سلێمانی ڕەنگە لە بۆدەقەی ئەدەبی مامۆستا زێوەردا قاڵ کرابێتەوە) ، لە لایەکی تریشەوە سروودو گۆرانی‌یە نیشتمانی‌یەکانی ناوو ناوبانگێکی زۆریان بۆ پەیداکردووەو شوێنەواریان لە دڵی ڕۆڵەکانی کورددا پشتاوپشت نەسراوەتەوە .

ئەگەرچی دوای ئەوەی (پیرەمێرد)و (بێ‌کەس) دوو شاعیری هاوژیانو هاو شاری زیوەر ناوبانگیان سەندو دەورێکی گەورەیان لە شیعری سیاسیدا گێڕا ، پیرەمێرد بە هۆی ڕۆژنامەی (ژین)و چالاکی‌ی کۆمەلایەتیو زانین پەروەری‌ی خۆیەوەو بێ‌کەس بە هۆی ڕەخنەی‌تیژو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی‌یەوە لە گەڵ ئەوەشدا زێوەر تامرد هەر خاوەن دەنگو ڕەنگی خۆی مایەوەو خۆی لە کاربەدەستانو چاووڕاوی ڕژێمی سەردەمو کۆمەڵەو کۆڕە سیاسییەکان بە دوورگرتو بە ژیانی سادەو قەناعەتگێری خۆیەوە دەستی بەسەرو کڵاوی ناووبانگی خۆیو رابردووی زانیاریو پەروەردەییو ئەدەبی‌ی خۆیەوە گرتو ناوو شۆرەتی خۆی بە هۆی کارێکی دژ بە بەرژەوەندی گەلەوە چڵکن نەکرد .

کەسێتی ی تایبەتی ی زیوەر لە شیعری سیاسی دا رەنگی داوەتەوەو بۆ ئەوەی نزیکتر لێ ی شارەزابین پێویستە کەمێك بە شیعرەکانی دا بچینەوەو جۆری رەنگدانەوەکە دەست نیشان بکەین . بۆ ئەوەش کەرەستەی پێوانەکەمان زۆر لە دەوروبەرو سەردەمی ژیانی شاعیر دوور نەکەوێتەوە .

ئەوەی لە زیوەر دەبینرێ گیانێکی نیشتمان پەروەرانەی ئایین پەروەری ی لە سەرخۆو بە پشوو و هێمنە ، شەخسی خۆی پیاوێکی بێ هەڵپەو قەڵەندەر مەشرەبو رەنجکێش بوو ، هەروەکو مامۆستا سجادی دەڵێ : ئەگەرچی (لە گوزەران زۆر ئامادە نەبووە) بەڵام (نەفسێکی زۆر بەرزی شاهانەی بووە) .. هەر ئەمەش وێنەیەکی بالانمای رەفتاری ئەو بووە لە سیاسەتدا .. بە هەستو بە هیوا تەواوو ئاگاداری سیاسەت بووە ، لە (شت) گەیشتووەو دەست نیشانی گەلێ شتی گرنگیشی لەم مەیدانەدا کردووە ، بەڵام لە بەرامبەر رۆژگاری سەختو بێ بەزەییدا ئەگەر پەنجەبازی و زۆرانبازی بێ نەکرابێ ئەوا نەبووە بە دیلو دراوکری دوژمن ، لە جەنگی سیاسیدا تەنیا گیانو دڵێکی پاکی بۆ خۆی بێ پاس کرابێت ئەوەی بەس بووەو با تاقەتی هێرشو تەکانی گیانفیدایانەشی دیار نەخستبێت بە تایبەتی لەسەردەمە ئاڵۆزو شلۆقەکانی سیاسەتدا :

ئەم وەختە کە پڕ فیتنەوو رێ بەستنە ئێستا
خۆشی کە ببێ مردنە یا نووستنە ئێستا

لە وەختێکی زۆر ناسکو ئاڵۆزدا لە بەربەرەکانی ی نێوان گەلێکی ساکارو ئیمپریالزمێکی زۆرزان دا ، ریزەکانی گەل شێواوو بێ سەرکردەو رێکخراوو کۆمەڵێکی شۆرشگێری پێشرەوی رێزان لە گۆڕێ دانەبوو ، ناتەبایی رۆڵەکانی گەل بە رادەیەك بوو کە هەزار جار تیرو شیریان لە یەك دەسوو ، چ رۆشنبیرانو چ سەرەك هۆزو بازرگانو ناوداران ، کۆمەلانی خەڵکیش جڵەوی تێکۆشانیان لە دەست تاقمێك یان پێشرەوێکی شۆرشگێرو دنیا دیدە نەبوو ، ئەوەبوو کە :

دوو یاری وەفادارو بە بێ خەش نی یە هەرگیز
هەرچی کە تاماشایی دەکەم دوژمنە ئێستا
ئاشووبو بەلاو فیتنە وەکو تەرزە دەبارێ
هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا
لەم شارە کەوا مەنبەعی ئاشووبو فەسادە
دەرمانی شیفای خەستە دڵان رۆینە ئێستا

ئەمە ئەگەر بە رەش بینی و هەڵاتن لە بەرامبەر کارەساتدا لێك بدرێتەوە ، بەڵام هەمیشە مانای گێلی و نەزانی و بێ ئاگایی نی یە ، ئەگەر راستت دەوێ بەد بەختی لەوەدایە کە شاعیر لە دەردی گەلەکەی خۆی نەگاتو لە کاتی شیوەنی ئەودا گۆرانی (نارین)و لە شایی ئەودا (سەردولکە) بخوێنێ .. بەڵکو هونەری یەکەمین ئەوەیە کە لە حاڵی گەل بکاتو بە دەردی گەل بزانێ ، ئینجا هەڵوێستو کردەوە داوا دەکرێت ، هەر لەم رووەوە خۆی دەڵێ :

من ئەڵێم لازم نی یە فێربم لە دنیادا حیساب
پێم ئەڵێن ، ئەی چۆن نەجاتی خۆت ئەدەی رۆژی حیساب ؟
من ئەڵێم (مەهدی) لە دنیادا نی یەو زیندوو نی یە
شاه ئیسماعیل ئەڵێ ئەت هێنمە بەر داری عەزاب
من ئەڵێم هیچ حەوسەلەی سەیری کیتابم لانی یە
پێم ئەڵێن : مەجبوور ئەبێ بگری بە دەستێکت کیتاب

کەوابێ شاعیر راستی دەزانێ بەڵام (شا ئیسماعیل صەفەوی)ی زەمانە هەیە کە هەرچی بەدوای نەکەوێ دەی هێنێتە بەر باری ئازار .

لە لایەکی ترەوە ، شاعیر دیویەتی زەوی ی بابەتەکانی شیعری سیاسی و کۆمەلایەتی بەیارەو کەسێك گاسنێکی لێ نەداوە ، ماوە فراوانەو کشتوکاڵ گەلێ چەشنەو کردەوە گەلێ رەنگە ، ئیتر ئەو لە هەندێ لایەندا تێ ی هەڵچووەو کارو خزمەتێکی زۆری بە ئەنجام گەیاندووە ، ئەوەیە دەبینین بەو

بۆیە کە کراوە بە مامۆستای قوتابخانە (یەکەمجار قوتابخانەی ئامادەیی پاشان سەرەتایی) هەر لە ۱۹۰۷ەوە تا ۱۹٤۲ خەریکی هاندانی زانینو زانیاریو خوێندن بووەو چاوی مندالانو رۆلەکانی بەسەر موختەرەعو داهاتە تازەکانی ئەوروپادا کردوەتەوەو کەوتوەتە بەربەرەکانی نەخوێندەواریو لە دژی ناگزۆری یەکانی ناو کۆمەلدا جەنگاوە .

جا (علیمو مەعاریف) بە چەکی دەست گەلو بە دەرمانی هەموو دەردو ژێر دەستی یەك دەزانێ ، داواکردنی زانیاری لای ئەو لە جیاتی دروشمی سیاسیو داخوازی یە بنەرەتەکانی میللەتە . نەك هەر ئەو زوربەی شاعیران شیعاری خەباتو بەربەرەکانێی سیاسییان بە شیعاری خوێندنو علمو مەعار گۆڕی یەوە .. هەر ئەوەش بوو رێبازی رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە .

دەتوانم بلێم ئەگەر بە پەلەیەکی ناوچەوانی کەسێتی ی ئەو شاعیرانەی نەژمێرن - نە تەوایەتی یەکەیان لە چوارچێوەیەکی گشتیو دەستەمۆدا وێنە دەکێشا کە بریتی یە لە نیشتمانو خۆشەویستی ی وولات ، بەلام وولاتێکی شاخاووی جوانو ئاوی رەوانی وەکو کەوسەرو بەردی وەکو گەوهەورو لە چیاکانی سویسەرەو لوبنان رەنگینتر ، ئەگەر باسی گەلی ئەم وولاتەش کرابێت ئەوا هوشیارکردنەوەو راپەراندنیو بەخۆوکەوتنی یە بۆ خوێندنو رێگەی علمو مەعاریفو هەلدان بە شانو بالی مێژووی کۆنو ناودارانی مێژوو و زمان .. ئەمانە لەگەل مەرجی خۆنەدان لە سیاسەتێك کە خەباتو وەستانبێ بەرامبەر بە کاربەدەستانو مەیدانداری ی پڕ لە ترسو مالوێرانی .

بەلام گەوهەری مەسەلەکەی نیشتمان پەروەری لە دلی ئەوداو پایەی مامۆستاییو ریزی نیشتمان پەروەری ئەویش لە دلی خەلکدا هەر مایەوە .. سەبارەت بە نەفس بەرزیو پەروەردەو رۆشنبیری ی ئایینیو مەلایانەی خۆی رێگەیەکی بۆ هەستو سۆزی دلی شکاوی خۆی لە ئایین پەروەریدا دۆزییەوەو هەر ئەو شیعرە سیاسی یەی کە (ئەگەر بتوانین) بە ئیسلاحی ناوی ببەین دەسبەرداری گیانی شۆرشگێرانەبوو ، کەوتە ژێر بالی رێرەوی ئیسلامەتی یەوە .

## (٥) رێچکەکانی شیعری سیاسی لای زیوەر

دەتوانم بلێم شیعری سیاسی لای زیوەر بە تایبەتی دەربارەی سیاسەتی ناوخۆ سێ رێچکەی گرتووە ، یەکەم شیعری نیشتمانیو کوردایەتی ، دووەم - شیعری معارف پەروەری ، سێیەم شیعری ئیسلامی .

لە رێچکەی یەکەمدا شاعیر بەو پەڕی جۆشو خرۆشەوە خۆشەویستی ی کوردستان دەخاتە قالبی شیعرەوەو بە چاوێکی شاعیرانە سەیری داروبەردی کوردستان دەکات ، بەردی بە گەوهەر ، ئاوی کەوسەرو هەواو باغو باغاتی بە بەهەشت دەزانێ ئەوەتا لە سالی ۱۹۲۲دا ئەم شیعرەی لە رۆژنامەی بانگی کوردستان لە سلیمانی بلاوکردوتەوە ، کە لە دواییشدا بوو بە گۆرانی و سروودی سەر زاری کوردی ناوچەکە :

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ، روحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشاتو باعیسی ژینی منی
بیتو گەر من کوهکەنبم ، وەسلی شیرینم ببێ
تیشەیێ نادەم لە بەردت تۆ کەشیرینی منی
گەرچی ئەرزی ، هێند بلندی وەختەلای من بچیە عەرش
واسیتەی سەربەستیو ئیجرایی ئایینی منی
ئیفتیخاری میللەتی ، تۆ مادەرێکی میهرەبان
خوا هیلالیشی بە تۆدا ، ماەو پەروینی منی
نەوبەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەك جەننەتی
فەسلی زستانیش سەراسەر باخی نەسرینی منی
بۆچی نەقدی جیسمو جانی خۆم بە شاباشت نەکەم
خاکراهی حوکمرانی عیززو تەمکینی منی
ئارەزووی فیکری سەیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن
تۆ لە جێگەی قاهیرەو تارانو بەرلینی منی
ئەم وولات خۆشەویستی یەو هەلسەنگاندنی لە ناو

وولاتـانی دنیـادا کـه دەسپێشکـەریـیـەکـەی بـۆ زێـوەر دەگەڕێتەوە ، شەپۆلەکەی دانەمرکایەوەو تا سالانی پەنجاش هەر لەپەرەسەندندابوو ، خۆ کەسەیری ژمارەکانی گـەلاوێژ بکەیت دەبینی بە دەیان شاعیر ئەم ژێیەیان هەژاندووەو بەو ئاوازە گۆرانییان گوتووە . نموونە لە شیعری رەمزیو کەمالیو وردیو صـەفـوەتو شـاکـەلیو هـاوارو مـەنـگـوریدا دەدۆزرێتەوە .

مامۆستا زێوەریش هەر بەو شیعرە وازی نەهێناوە بەلکو لە چـەند نموونـەیـەکی تـریـدا بـە تـایبـەتی لە سـروودە نیشتمانییەکانیدا ئەمەی دووبارە کردووەتـەوە ، سەربـاری ئەمەش ، باسی مێژووی کۆنی کوردو ناودارانی کوردو شانازی پێوەیانەوە دەکاتو لە هەمووی دیارتر هـەستی خۆ بـە کورد زانینو نەتەوە پەروەری دەخاتە دلەوەو نموونەیەکی هەستی شۆرشگێرانە دەخاتە ڕوو :

ئەی کوردینە ، ئەی مەردینە با دەست لە ناو دەست کەین هەموو

تاکورد لە عالەم دەرکەوێ بۆ یەکیـەتی بچین هـەموو

ئەو جورە سـروودانەی زور بـە ناوبـانگن ئەمـانەن :

واوەتەن خەملیوە ، وەتەنی من کوردستانە ، تا دەس لە مـل هیوا نەکەم ، سەرکەوە کوردە ، ئێمە کە مندالو نەوجەوانین .

لووتکەی بابـەتی شیعری سیـاسیی زێوەر لە سـالانی بیستەکاندا لە نموونەی جوان جواندا دەبینریٚ ، ئەوسالانەی کە مەسەلەی کورد بە لایەکدا نەکەوتبوو ، چارەنووسی دیاری نەکرابوو . زێوەر یەکێکبوو لە داواکەرانی مافی سەربەستیی تـەواوی کوردو یـەکێك لە لایـەنگرانی شێـخ مـەحمـوود و حوکمداری یەکەی سلێمانیو شۆرشەکانی شێخ . وە نەبێ هەر لە چوارچێوەی عیراقەوە سەیری کوردو کوردستانی کردبێت بەلکو بە چاوێکی گشتی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانو مافی کوردی کردووە ، ئەوەتا سالی ١٩٢٤ دوای شۆرشەکەی شێـخ سەعیـدی پیرانو شکست هێنـانی کورد بـۆ برایـانی کـوردستـانی ژووروو لە گـەل شـەمـالی چیـای شیمـالدا دەلاوێنێتەوەو دەلێ :

ئەی شەمال ، ئەی شەمالی شاخی شیمال

ئـەی فیدای جیلوەو شنـەت سـەرو مـال

حـورمـەتو حـەسـرەتی منی بـەد حـال

بگـەیـەنـە بـە شـاخی بـاغی میسـال

جـاریٚ ئیفـایی رەسمـی تـەعـزیم کـە

بـۆسـەیی لامـوتـەنـاهی تـەقـدیم کـە

*** *** ***

چـونکـە ئـەو شـاخـە زەوقی میلییـەت

عـەشقو سـەوداو خـەیـالی حـورییـەت

تیـا دەژی فیکـری بـەرزی کـوردییـەت

لە بـەهـەشت زیـاتـرە بـە قـودسییـەت

چـونکە ئـەو شـاخـە بـەرزە گـولگـوونـە

مـەعـدەنی روحـە ، شـاخی ئـالتـوونـە

هـەر فیـدائی لە ئینـقیـلابـا چـوو

پـیٚ مـەلیٚ مـردووە ، بـلیٚ زینـدوو

چـونکـە بیٚ شـوبهـە مـودەتێکی زوو

شێـری مـەردان لە نـەسـلی پـەیـدابـوو

قـارەمـانو دلاوەرانـی پـەسـین

وەتـەن ئیحیا دەکەن بە عـەزمی مەتـین .

*** *** ***

ئـوفقت ئـەرخـەوانییـە کـە بـەهـار

رەنگی سـووری شەفـەق ئەکا ئیظهـار

ئینـعیکـاسی تـەصـادومی ئـەنـوار

تـاجی قەوسو قـەزەح ئـەکـا بـە نیثـار

لالەزارت کـە سـوورو رەنـگینـە

عـەکسی خوێنی شـەهیدی ڕێی دینـە .

*** *** ***

قـەومی ساحیب مـەتانـەتو بە سـوبـات

چونکە بێ قەدرە لای هەوایی حەیات
حورمەتو غیرەتی ئەکا ئیسپات
باقی‌یە عـ ـزمی تاکو رۆژی مەمات
عاقیبەت شاخی بەرزی کوردستان

**زیوەرو بزووتنەوەی کوردایەتی‌و شێخ مەحموود :**

هەرچی دەربارەی هەڵوێستی زیوەرە بەرامبەر بە جووڵانەوەی نەتەوەیی لە سلێمانی ، ئەوا پێویستی بە باسێکی تایبەتی‌و دوورو درێژ هەیە ، بەڵام بە کورتی دەڵێین وەکو دیارە زیوەر هاوبەشی بەکارو کردەوەو بە بیرو هەستی کوردایەتی‌و حوکمرانی‌و شۆرشەکەی شێخ مەحموود بووەو ئێوەش مێژووی داکشان‌و هەڵکشانی باری سیاسی‌ی ئەو رۆژانە دەزانن‌و لە هەڵوێستی ئینگلیز بەرامبەر بە شێخ مەحموود ئاگادارن ، ئەوەبوو دواجار لە ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا شێخ مەحموود لە بەندیخانەو لانەوازی‌ی کووەیت گەڕایەوەو بە ناوی حوکمداری کوردستان قابینەی داناو ئەم رووداوە ڕەگی ئاواتی کوردی لە دڵان بەهێزکرد . ئەگەرچی چەند مانگێکیش زیاتر نەبوو ، لەم ماوەیەشدا شوێنەواری نائومێدی بەسەر کاروباردا دیاربوو بەڵام رووناکبیران بە بڕواوە سەیری دوارۆژیان دەکردو مەسەلەی ئازادییان بە هەقێکی رەوای هەموو میللەتان دەزانی‌و دوای بڕانەوەی شەڕی جیهانی لە ئاسۆی دووری کۆنگرەی ئاشتی‌و قسەکانی سەرۆك ویلسنی ئەمەریکایان دەڕوانی . هەر لەم دەلاقەیەوە ، مامۆستا زیوەر لە ژمارە (٩)ی رۆژنامەی رۆژی کوردستانی ١٩٢٢ ووتارێك دەنووسی بە ناوی (کوردستان ماڵی کوردانە)و باسی دەستوری مۆنرۆ دەکات‌و باسی بوونی هەموو پێداویستی‌و مەرجەکانی ئازادی دەکات :

**« چونکە ئم محیط کوردە کە بە قەدەر دولت اسپانیا ابی هەمو ملتەکی یك زبانن ، یك دینن ، یك مذهبن ، تشکلاتی صووتیشان یکە . ادعای حمایەی اقلیات ناکەین . ادعای موجودیتی کتلەیەکی عظیم لە اسلام اکەین . ایمە وەك هیچ قومیك نین لە هموشتیکدا یکین‌و فردیکی غیرەمان لە ناوانیە . تاق‌و لوقە جولەکە یا کلدانیەك ببی لە ایمە کوردترەو لە ایمە زیاتر استقلالیت حوکمت وطنی‌یان اوی) .**

هەر لەم وتارەدا کە لەسەر بنەڕەتی (مۆنرۆ) باسی کوردستان دەکا ، چاوێکیش دەبڕێتە کۆنگرەی (لۆزان) کە لەوێدا نوێنەرانی ئینگلیزو تورکیاو عیراق کۆ بوونەتەوە تا چارەسەری مشکلەی ویلایەتی موصل واتا چارەنووسی کوردستان بکەن .

لە ڕووی بەرچاو روونی‌یەوە ناویان دەبا بە (صاحب وجدان) . هەرچۆنێك بەم ووتانە ووتارەکەی دوا پێ دەهێنێ :

«کوردستان ماڵی کوردانە ، حەرامە لە بێگانە»

لەم بابەتەوە ، لەم بڕە شیعرەدا کە لە تورکی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی بۆچوونێکی ئاشکرای زیوەر بەرامبەر بە پێویستی‌یەکان خەباتی سیاسی تەماشا دەکەین :

ئیجاب ئەگەر سیلاحە دەسا وەختی فورستە
حازر بە گەر بەکوشتنە ئیثباتی موددەعا
هەرکەس خەریکی خزمەتی ئەهلی تغلبە
بێ دەنگبووە حقوق‌و ناکەن کەمێ حەیا
کورد هیمەتی بڵندی هەیە ، صەولەتی هەیە
سا با ئەویش لیوایی حکومەت بڵندبکا

لە گۆڤاری (نووسەری کورد)دا هاتووە « ساڵی ١٩٢٣ کە شێخ مەحموود مەلیکی کوردستانی خوارووبوو لە سلێمانی ، زیوەر ئەم غەزەلەی خوارەوەی بە ناوی پیرۆزبایی جەژنەوە بۆ ناردووە » سەرەتاکەی ئەوەیە :

**رۆژی جەژن ئەتفالی ووردە پووڵی جەژنانەی ئەوێ**
**هەر یەکە لای باب‌و مامی روپیە یا ئانەی ئەوێ**

لە دوا دوو بەیتی هەڵبەستەکدا دەڵێ :

**زیوەریش لەم رۆژەدا چونکە دوعا مەقبول ئەبێ**
**هەر دەوامی رەفعەتی تاجی ملووکانەی ئەوێ**
**بەرقەرارو پایەدارو نامداری کەی خودا**
**تا فەلەك بۆ زیبو زینەت ئەم ستارانەی ئەوێ**

بەلام کە ئەنجامی کۆنگرەی لۆزان دەکەوتو حوکمدارییەکەی شێخ پێچرایەوە، دەنگی ئازادی کپکرا ، ئەویش لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە . پاش ئەوەی شێخ مەحموود گیراو بەدیلو دوور لە وولات لەبەندیخانە توندکرا ، نزیکەی سێ سالو نیو لە بەندیخانە مایەوە ، رۆژگاری سیاسی ی سلێمانی بە تایبەتیو هەموو وولات بەگشتی پڕ لە تەمو تاریك دەهاتە بەرچاو . رۆژی یەكلابوونی مەسەلەی کورد ئاشکرانەبوو ، ئینگلیزیش بە تەواوی نەی دەدرکاند (نە ئا .. و نەنا) خەلکی هەلدەفریواندو بە هیوای دەکردن لە سەرێکی تریشەوە هیوای دەتەزاندنو دلی سارد دەکردنەوە ، دەمێك ئاواتو دەمێك هەرەشە . لە ململانێی فەرەنسادا ، لە پەترولدا ، لە دانانی نوختەی ستراتیجی سەر رێگەی هیندستانو بەرهەلستی کردنی مەترسیی دوارۆژی سۆڤیەتو راگرتنی تەرازووی دەولەتانەی نێوان ئێرانو تورکیا ، خەمخواریی دوارۆژی زایۆنستی لە فەلەستینو دانانی چەند دوەولەتێکی عەرەبو جلەوبەندکردنیان لە ناوچەی رۆژهەلاتدا ، لە مانەدا ئینگلیز سەری قالبوو، وەکو هەشت پێی ناو دەریا پەلی لە هەموو لایەك دەگێراو هەموو دەرگایەکی دەکردەوەو یان دای دەخستەوە یان بە نیوەکراوەیی لێی دەگەڕا .

لە چاو ئێمەدا ، ئەوەبوو شێخ مەحموودی نەهێشت ، حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی حوکمی دەکرد ، پروپاگەندەی ژەهری بە هەنگوینی لەناوگەلدا بلاودەکردەوە ، ئازادیخوازانی ڕاودەناو بەربەرەکانیی دەرامەتو ژینی دەکردن ، ویژدانی چەند دەروون نزمو ساکارانی تێك دەداو دەیکڕین .. ڕەگی هەواخوایی ئینگلیزی لە ناو سەرۆك هۆزو ئاغەواتدا دادەکوتا .. دەنگی جەماوەری گەلی کوردی خەفە دەکرد .

لەم چەند ساڵەدا زیوەر خەریکی دەرس گوتنەوەو ژینی خێزانی بووەو لە باری کۆمەلایەتیو سیاسی ی میللەتەکە ڕاماوەو پشووی خواردوتەوە ، لە ئەنجامی بیرکردنەوەو بەراووردکرنی باری رۆژگارو ژیانی کورددا شیعری نووسیوە ، لە چوارچێوەو تامو نەفەسەی ئەم پارچە شیعرەدا :

**کێیە تاسەر لە فەزای دەردو غەمابێ مابێ**
**ئەو هەر کوردە کە چاوی لە هەوابێ وابێ**
**هەر سلێمانییە عیفریتی حەسەد سواریبووە**
**هودهودی خۆش خەبەرم گەر لەسەبا بێ بابێ**

(ل ١٦)

وابزانم خۆبەستنەوە بە قافیەو هونەرنواندنی لە دووبارە کردنەوەی دوو بڕگەی دەنگی ووشەی قافیەکە کە ووشەیەکی تری لێدروست بکات وەکو (حیسابێ - سابێ ، شەڕابێ - ڕابێ ، مەلابێ - لابێ) چوارچێوەی شیعرەکەی لێ تەنگ کردوەتەوەو ئەو بیرەی لە دێڕی یەکەم شیعرەکەدا دایڕشتووە تەواوی نەکردووە ، ئەگەرچی لە دێڕەکانی تردا باسی چەند دەردێکی کۆمەلایەتی ناو شارەکەی کردووە ، بەلام ئاوازی خەمو کەساسی لە شیعرەکەدا هەست پێدەکرێو خەمگینییەکەش نەچوەتە ژێر پەردەی نائومێدیو رەشبینییەوە ، بەلکو تامەزرۆی مزگێنیی پەیو سلێمانەی خۆش خەبەرە .

لە لایەکی تریشەوە پەیمانی نهێنی لە قوولاییدا لەگەل دلو دەروونی پاكو بێ گەرددا بەستووەو ئەگەرچی دەستی (تەنهایی) و گۆشەگیریش دەگرێ لەم رێیەدا :

**تۆبەیێکم کردووە وەك کێوی ئاسن مەحکەمە**
**تا لە دنیادا بمێنم عەشقیچاوەمەستانی خۆم**
**دەستی (تەنهایی) چ خۆشە بۆ منی پڕ غائیلە**
**چونکە تەنها غار ئەکەم هەم ئەسپی خۆم ، مەیدانی خۆم**

**نیعمەتی دنیا سەراسەر با لە بۆتـۆبێ ، رەقیب !**
**بەسمە تەنها فیکری بیکرو جیلوەیی جانانی خـۆم**
**من بەسەد سـوێچرەو چـینو خەتـای ناگـۆڕمەوە**
**ئەرخەوانی گـردی سەیـوان ، ئاوی کـانی‌یە سکـانی**
**خۆم**

جا ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان شایەدی دواجاری ئەنجامی ژیانی مرۆڤن کە هەموو بەرەو گـۆڕ شـۆڕدەبنـەوەو رووبـەرووی مردن رادەوەستن . بـە تایبـەتی شـاعیـرێکی بەهەستی ، دەروون ناسکی وەکو زیوەر کە بیر لە مردن بکاتەوە .پەنای ئەو لەم مەیدانەدا هەر دینو ئایین پەروەرەی‌یە .

ئـەوسا کـە (کاخی‌مـراد) رووخا ، زیـوەر یەکێـك‌بوو لەوانەی دایانە پاڵ (یەکیەتی‌ی قەوارەی عیراق) . ئەمەتا لە ساڵی ١٩٢٤دا دوای بڕیاری (عصبة الامم)و بەریتانیا کە بـە پێی بڕیارەکە ویلایەتی موۆصل لە تورکیا رزگارکـراو درا بە عیراق دەڵێ :

لە فـەیضی لو طفـی خـواوە ویـلایـەتـی مـووصـل
نـەجـاتی بـوو بـە تـەواوی لە پـەنجـەیـی رۆمی
چ خـۆشـە حـوکمی عـەدالەت ، نـەمـانی مـەحکومی
بـژی بـە عـەدلەوە (عـصبـة) لە گـەڵ بـریـتـانی
چـرای وڵاتـە فـەراریـان بـە لەفـظی مـەفهـوومی

لەم سـاڵە مێژوویـیە گرنگـە بەولاوە رێبـازی ئـایـین شادەماری بیرو دەربڕینی شیعری زیوەرە ، دیارە سەبارەت بە پەروەردەکردنو خوێندنو باری دەوروپشتی ژینی ئەو ، ئایین داری‌یەکە شتێکی ڕووکەشو سەرپێی نی‌یە ، بە جۆرێکە بـووەتە چـاویلکەو سـەیری هـەموو ڕووداوەکـانی سیـاسی‌و کۆمەڵایەتی‌ی وڵاتو دەرەوەی وڵاتی پێ‌کردووە ، بێ‌گومان دیارە کە ئاگاداری هەواڵەکانی جیهان بووە .

هەر بەم چاوەش سەیری شۆڕشی کوردستانی باکووری کردووە ، ئەوەبوو چەند بەندێکمان لێ پێشکێش‌کرد :

لالەزارت کـەسـوورو رەنـگـینـە
عـەکسی خـوێـنـی شـەهـیـدی رێی دیـنـە

جا وەکو مـەعاریف پـەروەری‌یەکـە لە ئایـین‌پەروەری هەڵدەچێو لە شیعرێکدا گاڵتە بەو پێشکەوتنەی وڵاتە دەکات کە بووەتە هۆی لەناوچوونی ئایین (سۆزی نیشتمان ل ٨٠) کە ڕوو دەکاتە قوتابییانو لاوانی رووناکبیر تێیان دەگەیەنێ کە مەنبەعی عیلمو هـونەربـوو جێی موسڵمـانان) ، بـەڵام لە دەستچوو چونکە (زولەتی جەهلو عەداوەت نووری ئیسلامی نەهێشت) .

ئـەی گوڵی گـوڵزاری دین ئەی نـەوجەوانـانی وەتـەن
ئەی لە مەعنادا بەقیمەت، یەك بە یەك دوڕی عـەدەن

بـەڵام ئیسلامـەتی‌ی بە خـەبـاتی گـەلان لە پێنـاوی سەربەستی‌و دادو پێشکەوتندا نەبەستوەتەوە بـۆیە هـەندێ ڕووداوی گرنگی سیاسی بە بەرەواژ تێ‌دەگـا ، وەکو هێرشی راستڕەوە فاشستەکانی ئیسپانیا بۆ سەر کۆماری دیموکراتی ، یان دەستدرێژیی نارەوای ئیمپریالزمانەی لە حـەبەشـە ، کە هەمووگەلانی جیهان بە زمانی نوێنەرەکانیان دەنگی نارەزاییان لەم دووکارەساتەدا هەڵبڕی ، بەڵام ئەو دەڵێ :

تێکڕژاوون خۆ بەخۆ، سووربوو بە خوێن دەشتو چیا
ئینتقـامی ئـەهـلی ئیسلامـە لە نـاو ئـەسپانیـا
گـەر هیلاسیلا موسڵمـانی خستـە نـاو کـەمـەنـد
حەق تەعـالا دەست بەجێ بـۆی نارد شـەقی ئیتالیا

**معارف پەروەری .**

ڕێچکـەی دووەمی شیعری سیـاسی‌ی زیوەر هـاندانی خەڵکە بۆ خوێندنو خـوێندەواری‌و پێشکـەوتن لە مەیـدانی زانیاری‌و هونەرو پیشەسازیدا ، هەروەها ڕەتاندنی پڕوپووچو

بیرو رای کۆن و بەرهەڵستی پێشکەوتن. پێشکەوتنی ئەوروپا دەکاتە رووگەو ئامانجو داوای هەنگاو هەڵێنانی کاروانی گەلی کورد دەکا بۆ گەیشتنەوە بەو ئامانجە. زۆر جار لەم داوا بیروزو ئامانجە رەوایە رودەچێ ئاوای پیشان دەدا کە هەموو ئاوات و ئامانجی کورد لە سیاسەتدا هەر خوێندن و زانیاری یەو لە رێگەی خوێندن و خوێندەواری یەوە هەموو ماف و داخوازی یەکانی کورد دێتەدی و هەموو گیرو گرفتەکانی چارەسەر دەکرێت. بێگومان رەخنەگر بۆی هەیە لە پەنجەرەیەکەوە سەیری ئەو بابەتە بکات کە ئەمە رێگایەکە لە جیاتی رێگای تێکۆشان و خەباتی شۆرشگێری لە دژی داگیرکەرو چەوسێنەرەوە.

جا ئەو شیعرانەی ئەم جۆرە بیرو باوەرانە دەردەبرن، لە دیوانی شاعیردا تومارێکی بەهەند پێک دەهێنن، وەنەبێ هەر لەسروودو گۆرانی یەکانی قوتابخانەشدا خۆ بنوێنن بەڵکو لە شیـ ی تریشدا وێنەیان زۆرە، شیعرێکی جوانی لەم بابەتەدا کە مۆسیقای ووشەکان نەرمو دەنگی ووتەکان هاو ئاهەنگن و هێمنی و پشوو درێژی پیشان دەدەن ئەم پارچەیە کە دەڵێ:

قەسەم بە سێبەری شاخ و شنەی نەسیمی بەهار
بەقاسپە قاسپی کەوو دەنگی کۆترانی نزار
بەئاوی صاف چیاوو هەوای بێ تەپ و تۆز
کە مەقسەدم نی یە ئیللا تەرەقییاتی دیار
تەرەقییاتی دیاریش یەکێ لەوان عیلمە
دووەم زراعەتە، سێیەم سناعەتێکی بەکار

**رێبازی ئابووری :**

رێچکەی سێیەمی ئەو شیعرانەی کە بە ناوی (ئیسلاح)ەوە رەخنە لە باری کۆمەڵایەتی دەگرێ و گەلێ رواڵەتی ناهەموار دەخاتە روو و رای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە دەردەبرێت، چارەسازیشی دەخاتە ئەستۆی رێبازی دین و ئیسلامەتی، بەڵام کە لە لایەنی ئابووری یەوە دەستی ئیسلاح درێژ دەکات، بابەتێکی بیرکردنەوەی سیاسی ی تازەی ئەو سەردەمە پیشان دەدا :

مامە هۆمەر سەد شوکر تۆ قووەت و چاوت هەیە
هەر لە دێیەک چەند رەزو عەردو بەرو ئاوت هەیە
تووتنەکەت قیمەت نەکا سەد ئیشی تر بۆت قابیلە
دێیە رەمزەرعی پەمۆکەی ئاوەرێس چاوت هەیە
تووتنەکەت قیمەت نەکا مازوو گەزۆ، پێستەو خوری
شاڵی زۆر جوان و نەجیبی دەشتی خۆشناوت هەیە

رەنگبێ مام هۆمە، رەمزی لادێ نشینان بێت، بەڵام رووی دەمی شیعرەکە لە هەموو هاووڵاتانەو شیعرەکە ئامانجێکی سیاسی گرنگ دەپێکێ. زیوەر لێرەدا داوای (خۆژییەتی) - اکتفای زاتی - دەکات لە لایەنی ئابووری یەوەو بەروبوومی وڵات و کەرەستەی بازرگانی و پیشەسازی پیشان دەدا وەکو : تووتن، پەمۆ، مازوو، گەزۆ، پێستەو خوری، کەوڵ، شاڵ و ئاوەرێس و جاوو پێڵاو، میوەجات و راوو رێگەی ئاوی بە کەڵەک هەتا بەغدا، کە ئەمانە لە بیاتی شتومەکی هاوردەی دەرەوە دابنرێن. داوا لە هاو وڵات دەکات کە لەسەر ئەمانە گوزەران بکات و نیشتمانپەروەری لەوەدایە کە چاولێکەری نەکات. حەزناکات پۆتین و کوتاڵ و شەکرو چایی پارەی خەڵکەکە بۆ دەرەوە راکێش بکەن و داهاتی نەتەوەی بێ لاسەنگ بێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەمە بانگدانی سەربەخۆیی ئابووری یەو هەوڵی دروست بوونی بازاری نیشتمانی یە کە وەکو د. مارف دەڵێ (لە گۆڤاری کولیجی ئەدەبیات - ١٥)دا چینی برجوازی نیشتمانی کورد کە لەم ماوەیەدا لە دروست بوونابوو دەیویست بازاری نیشتمانەکەی خۆی بۆ خۆی بێ، دیارە ئەمەش لە قەوارەیێکی سیاسی واتە نیشتمانی قەومی سەربەخۆدا دێتەدی).

ئەم بانگە جگە لەوەی کە لە سوودی برجوازی نیشتمانی یە هیوا پێدان و دڵ خۆش کردنیشیانە کە وڵاتی ئێمە لە لایەن ئابووری یەوە کەڵکی ئەوەی پێوەیە ئاواتی چینایەتی ئەوان بێنێتەدی، بە تایبەتی کە ئەم چینە ساوایە بریتی بوو لە بازرگان و خاوەن موڵکە غایبەکان کە بروایان بە پتەویی ئابووریی نیشتمان لەق بوو دەیانگوت ناوچەکە (مربوطیت

تجـارتو اقتصـاديـاتي له گـهل بـغـداد زۆره) - رۆژی کوردستان . ژ - ۱ - ساڵی ۱۹۲۲ .

توبڵێی ئهم ڕێبازی ئابووری یه دهنگدانهوهی سیاسهتی خهباتی ئاسایشو سهلبیانهی (غاندی) نهبێت ؟ که له لکێکیدا خهڵکی هیندستانی هان دهدا بۆ ئهوهی شتومهکی دهستکردی خۆیان بهکاربهێنن و پشت بکهنه شتومهکی هاوردهی ئینگلیز . من ئهم دهنگدانهوهیه به دوور نازانم چونکه تێکۆشانی ئهوسای شاعیرو بـاری ژیانی گـهلهکهی له خـهباتی غـاندیو ژیـانی هیندی یهکان بهدوور نهبوو . ههر لهم بابهتهوه له شیعـرێکی تردا دهڵێ :

پـابهنـدی بـهنی کـاڵهوو پـڕ سیـرمـه کـڵاشم
پهروهردهیی چهنـگ سۆتـهکهوو سـاوهرو ماشم
من چیمه له فاسـۆنی فهرهنـگ، چۆغـهیی لیوی
تـا شاڵی مـهرهز یانـه خوری بێ بـه قـومـاشم

مامۆستا رهفیق حیلمی لهم ڕووهوه گوتوویهتی :

(بێجگه له ههموو ئهمانهش دهرسێکی إقتصادیمان فێر ئهکاو ئهیهوێت که بهری محصولاتی وولاتی خۆمـان بخۆینو بـپـۆشـین تـاوهکـو ئـاتـاجـی وولاتـانـی بـێـگـانـه نهبین - گهلاوێژ/۱۹٤۳) ئهمهش به لای منهوه دهنگدانهوهی تێکۆشانی سیاسی ی ئهو وهختـهیهو بـهرهنجامی بـاری چینو کۆمهڵایهتی ی کوردهواری یه ههروهکو دهستنیشانمانکرد .

## ئهنجام

مامۆستا عهبدوڵلای زیوهر ، شاعیرێکی گهورهی کوردهو یهکێکه لهو شاعیرانهی له مهیدانی سیاسهتدا شیعری زۆریان دانـاوهو ڕێچکهی کـوردایهتیو نیشتمـانپهروهری گـرتووهو شیعرهکهی به چهند قۆناغێکدا تێپهڕیوه .

خۆیشی ئاڵقهی بهیهك بهستنی دووسهردهمه ، له لایهنی مێـژوویی و له لایهنی ئـهدهبی یهوه ، ئـهم دوو لایهنی یـه له روخسارو بابهتی شیعرهکانی رهنگی داوهتهوه ، هـهروهها له ژیانو باری رۆشنبیری ی شاعیر خۆیشیدا که رووالهتـهکان بهرهوپێش چوونو سازان لهگهڵ نوێبوونهوهدا دهستنیشان دهکهن .

شیعـری سیاسی ی زیوهر بهشێکی بـهنرخی شیعـری کـوردی یه له سـهرهتـای ئـهم سـهدهیـهمـانداو دهنگێکی شاعیرانهیه تا ناوهڕاستی سهدهکه .

له لایهن ڕێبازی سیاسی ی شاعیرهوه ، رهنگدانهوهی ئهم ڕێبازه سیاسی یه له شیعرو نووسینهکانیدا ئهوه دهگهیهنێ که شاعیر نیشتمان پهروهرو کورد پهروهر بووهو جۆره کهسێتی ی تایبهتی خۆیو باری گوزهرانی خۆی کهمتر ماوهی خهبـاتی شـۆرشگێری ی سلبی داوهو زیـاتر له شیعـرهکانیـدا ئاواتو ئـامانجی سیـاسی ی خۆی دهربـڕیوه . له قـۆنـاغی دوامینی سیاسیدا زیوهر رووی کردوهته ئهوه که باوهڕی بـه معـارف پهروهری و یهکێتی ی عیراقو دهستگیرکردنی مافی کورد ههبێت له چوار چێوهی عیراقدا. ئهمانهش ههمووی لهسهر بناغهیهکی بتهوی بڕوای ئایینی و ئیسلام پهروهری .

## سهرچاوهکان :


(۱) - دیوانی زیوهر (سۆزی نیشتمان) .
(۲) - گۆڤاری گهلاوێژ ژمـاره (۸) ساڵی ۱۹٤۳ - مـامۆستـا رهفیق حیلمی .
(۳) - مێژووی ئهدهبی کوردی مامۆستا علاء الدین سجادی -
(٤) - گـۆڤاری کـولیجی ئهدهبیـات/ د. مارف خـهزنهدار/ ژمـاره (۱۵) .
(۵) - تطور الشعر العراقي/ د. علي عباس علوان ل٤۸ .
(٦) - الشعر السياسي في العراق / د. ابراهيم الوائلي .
(۷) رۆژنامهی رۆژکردستان / جهمال خهزنهدار .
(۹) - رابهری رۆژنامهی کوردی/ جهمال خهزنهدار .
(۱۰) - گۆڤاری دیاری ی کوردستان/ صالح زکی صاحقران .
(۱۱) - الواقعية في الأدب الكردي/ د. عزالدين مصطفى رسول - ل۱۵ .
(۱۲) - گۆڤاری نووسهری کورد / ژماره (٦) ساڵی ۱۹۷۲ .